

# چەند کورتە نووسینێکی ئەدۆنیس

و: عەبدوڵلاتاهیر بەرزنجی

### دەربارەی وێنەی شیعری

زۆر کەس لێکچوون‌و وێنە تێکەڵاو دەکەن، تەنانەت کەم خوێنەرو رەخنەگری شیعری نوێ بەشێوەیەکی دروست جیایان دەکەنەوە. لێکچوون (التشبیه) دوو لایەنی هەستپێکراو کۆدەکاتەوە، پردی نێوان شتەکان دەهێڵێتەوە. لەبەرئەمە لێکچوون دوورکەوتنەوەیە لە جیهان، بەڵام وێنە ئەم پردانە دەروخێنێت، چونکە شتەکان کۆدەکاتەوە، ئەو کە یەکگرتن لە تەک جیهاندا دەرەخسێنێ، بواریش دەرەخسێنێ ببێت بە هی خۆت.

بەڵام جیهان وەک دیمەنێک یا گوندێک دێتە پێش چاو، بەم پێیەش پەیوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە لە لێکچووندا بە ساردو سری دێتە پێش چاو. شیعری لێکچوون وەک شێوە سەیری شتەکان دەکات نەک وەک ئەوەی ماناو ئەرک بن. کەواتە ئەم جۆرە شیعرە نایانکات بە مولکی خۆی، لە گەڵیاندا یەکانگیرنابێت، یاخود نایانگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە، شتەکان بوونی خۆیان بەسەر شاعیری لێکچووندا دەسەپێنن‌و دەیکەن بە مولکی خۆیان، ئەو کاتە شاعیر دەبێت بە پاشکۆی جیهان، نەک سەروەری.

وێنە ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ شتەکان بکەین بە مولکی خۆمان، وەک لە پێشەوە باسمکرد، لەم رووەوە وێنە خودی شتەکانە، نەک ئاماژەیەک بەسەرپا تێپەرێ. وەر گرتنی شتەکان‌و کردنیان بە مولکی خۆت یەعنی چوونەناو کرۆکی شتەکان‌و روتبوونەوەیان‌و بریسکانەوەیان لە روناکییدا، ئەو شیعرەی لەسەر ئەم وێنەیە دروستدەبێت لەو بروسکەیە دەچێت کە کرۆکی جیهان‌و نهێنییەکانی ناوەوەی رۆشندەکاتەوە، ئا بەمشێوەیە وێنە دەبێت بەکاری کتوپری‌و سەرسورمان —دەبێت بە روئیا- واتە دەبێت بە گۆرینی سیستمی دەربرینی ئەو شتانە.

بەڵام رەنگە وێنە ببێت بە هێزێکی خراپ‌و واقیعمان لێبشارێتەوەو دەرگاکانیمان لێدابخات. ئەویش کاتێک سەرچاوە لە کۆکردنەوەو گرێدانی شتەکان بەشێوەیەکی سنعاتسازییانە وەردەگرێ، یاخود کاتێک بێ رێکخەرێکی خەون ئامێزی داهێنەرانە دەردەپەرێ. لە گەڵ ئەمەشدا، رەنگە ئەم وێنەیە بەشێوەیەک بمێنێتەوە تووشی سەرسورمانمان بکات. بەڵام زەمەنی سەرسورمانەکە بەساتی خوێندنەوەکە دەپێورێ، کاتێکیش وێنە لە رێکخەری خەونئاسای داهێنەرانە دادەماڵرێت دەبێت بە وێنەیەک کە لەسەر هەڵچوونی زووگــوزەر دروستدەبێت —خـێـرا پاش لەدایکبوونی دەمرێت.

لێرەوە نابێت لە شیعردا هەر تەنها بەدوای وێنەدا بگەرێین، بەڵکو دەبێت تیایدا بەدوای گەردوون‌و جیهانی شیعریی‌و پەیوەندی بە مرۆڤ‌و جیهانەوە بگەرێین‌و بیاندۆزینەوە.

### رەمزو شیعر

لە هەندێک بەرهەمی شیعری نوێدا رەمز هەیە، بەڵام لە بەکارهێنانیدا شتێکی زۆری تیایە دژ بە رەمزە. رەنگە لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەدا هەر تەنها ناوهێنان بێت‌و بەس، هەر تەنها ئاماژەپێکردنێکی مێژوویانەیە، هەر تەنها وشەیە.

وەختێک کە رەمز لە سنوری هۆنراوە، بۆ دورایـی ناتگوازێتەوە، وەختێک لە دەقی راستەوخۆیی دورتناخاتەوە، ئەوە نابێت بە رەمز. رەمز ئەوەیە کە بوارمان بۆ دەرەخسێنێ لە شتێکی تری دوای دەق وردبینەوە.

رەمز، پێش هەموو شتێک مانایەکی شاراوەیە، ئەو ئەو زمانەیە وەختێک دەستپێدەکات کە زمانی قەسیدە کۆتایی دێت، یاخود ئەو قەسیدەیە لە هۆشتدا پاش خوێندنەوەی شیعرەکە پێکدێت. ئەو بروسکەیەیە کە رێگا بە هۆش دەدات جیهانێک ببینێ کە سنوری نییە. بۆیە رۆشنکردنەوەی بوونی تاریکە، چوون‌و نزیکبوونەوەیە لە جەوهەر.

**سەرەدێڕ**

– ١ –

شیعری نوێ تەنها شێوەیەک نییە لە شێوەکانی دەربرین، بەڵکو شێوەیەکە لە شێوەکانی بوونیش.

– ٢ –

نرخو گرنگی شیعر لای هەندێکیان بەوە زیاددەکات ئەو شیعرە تا چ رادەیــەک لە خەسلەت‌و سیمای شیعرلی نزیکدەبێتەوە کە دەیزانن‌و لایان ئاشنایە، بەڵام لای من نرخی قەسیدە چەند زیاتر لەو سیما ئاشناو ناسراوە دووربکەوێتەوە ئەوەندە زیاتر زیاددەکات، ئەویش بــەدوای گــەران لە دووی سیماو خەسلەتی تایبەتی خۆی.

– ٣ –

دە گەرێ، شت دەکاتەوەو کەشفی دەکات، واتە ئەو شاعیری سەرکێشی‌و گەرانە بەدوای شتە ترسناکەکاندا، شاعیری نهێنییەکانە.

–

– ٤ –

تۆ شاعیری؟ کەواتە، تۆ ئەو شیعرە نانووسی کە دەلالەتی راستەوخۆ دەگوازێتەوە، ئەو شیعرە تاک رەنگە— تاک هێڵە. ئا بەم شێوەیە شیعرەکەت پر دەکەیت لە مەودا.

بەم مانایە قەسیدە لای تۆ تۆرێکەو وەک مرواری دەبریسکێتەوە.

– ٥ –

پرسیار بکەو بیخەرە روو: ئەمە تاکە هێزی تۆیە.

– ٦ –

شیعری کۆنمان قسە لەسەر جیهان دەکات: بەڵام شیعری نوێمان قسە بە جیهان دەکات، واتە جیهان دێنێتە قسە.

– ٧ –

هەموو دەربرینێک نــاوەرۆکــە: هەموو شێوەیەکیش ناوەرۆکە.

× سەرە دێرەکان خۆیان زۆرن، بەڵام من هەمووم وەرنە گێراون.

**وەرگێڕ**

# تیۆرە مۆدێرنەکانی ئەدەب و رەخنە

## رەخنەی دیالۆگ



M. H. ABRAMS

له ئینگلیزییەوە: عوسمان ئەحمەد

لە وتارێکدا لەسەر «تویژینەوەیەک لە رۆمان» باختین گەشەی بەو روانگەیەدا کە رۆمان فۆرمێکی ئەدەبییە کە بەهۆی لێکدانی دەنگە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکان‌و بەربەرەکانی کردنیان پێکهاتووە، ئەمەش بەدیهێنانی گرنگییەکی تــەواوی ئەمانەیە، کە تەنها لەناو پرۆسەی دیالۆگدا کارلێک دەکەن، هەر کاراکتەرێک بەهۆی حیکایەت خوانەوە کارلێک لە گەڵ ئەوانی تردا دەکات. باختین بە روونی تیۆرییەکەی دژی تیۆریی شیعری ئەرەستۆ جێگیر کــردووە، لە تیۆرەکەیدا باختین پێشنیازی ئەوە دەکات پێکهێنەری سەرەتایی لەناو فۆرمەکانی حیکایەتدا رووداوە، ئەمەش بەشێوەیەکی پەیوەندیدار بە یەکەوە گەشەدەکات لە دەستپێکردنەوە بۆ کۆتایی، ئەمەش بەشێوەیەک کە ئاڵۆزییەکان چارەسەردەکات. دیــارە تویژینەوەکەی باختین گرنگییەکی هاوتای شێوازەکەی تیۆریی ئەرەستۆی هەیە دەربارەی پێکهێنەری سەرەتایی بەرهەمی حیکایەت، باختین وەکو ئامرازی تێکەڵکردنی رەنگە جیاوازەکان‌و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو بەهایانەی بەرەنگاریی دەکەن وەسفی تویژینەوەکەی کــردووە، بەهۆی بەرئەنجامی ئەمانەوە پاشماوەکانی بەرهەم چارەسەرکراون‌و بە کراوەیی کۆتاییان پێ هاتووە. هەرچەندە باختین لە سەردەمی رژێمی ستالینی لە روسیادا نووسیویەتی، بەڵام باختین کەسێکی ئازادیخواز بووە، چەمکەکانی کراوەو سنووربەزێن بوون، لە حیکایەتی ئەدەبیدا بە روون‌وئاشکرایی بەرەنگاری راڤەکاری رەخنەی مارکسیستی کــردووە، کە ئەم راڤەکارییە جەخت لەسەر ئەوە دەکات دەربرینەکانی رۆمان پێویستە نموونەی «واقیعی کۆمەڵایەتی ـ ریالیزم» بێت، ئەمەش شێواندنی راستییە کۆمەڵایەتییەکانە کە بەپێی خواستی پارتی دەسەڵاتدار شتەکان دەخاتەروو.

روانگەکانی باختین، لە هەندێک بەشداو لەناو رێگە جۆراوجۆرەکاندا خراونەتە روو، ئەمەش بەهۆی نموونەکانی شێوازە جۆراوجۆرەکانی رەخنەی تیۆری‌و پراکتیکی مۆدێرنەوە پێکهاتووە، جا ئایا نەریتی بێت یا پۆست بنیادگەری بێت لەنێو رەوتی قوتابیەکانی ئەدەبدا، ئەوانەی کە وەکو پێناسەیەکی تایبەتی «رەخنەی دیالۆگ»یان پێناسە کردووە، بە هەمان ئاراستەی باختیندا رۆیشتوون، دیارە ئەو پرۆژەیەی باختین پێشکەشی کردووە، پێویستە لە پارچەی سەرەتاوە بچینە ناو بەرهەمەکانی حیکایەت، یا ئەدەب بە گشتی‌و سەرەرای ئەمەش کولتوور بە گشتی، ئەمەش فرەیی بەرەبەرەکانێکردنی هاوبەشانەی دەنگە کۆمەڵایەتییەکانە لەقۆناغی یەکەمدا، پێناچێت ئەمەش بەهۆی بریاردانی یەکلاییکەرەوە بێت لەسەر حەقیقەتی مۆنۆلۆگیانە، کاردانەوە خودییەکان ئەوانەن کە لەناو مشتومری رەخنە تیۆری‌و پراکتیکییەکاندا رۆلیان هەیە، دیارە ئەمانە بەهۆی هاوسەنگی‌و لە گەڵ یەک هەڵکردندا گرژیی‌و بەرەنگاربوونەوە لەنێوانیاندا روودەدات، ئەمانە پێناسەی هاوبەشیان هەیە. دۆنابیالۆستۆسکی، یەکێکە لە رابەرانی رەخنەی دیالۆگ‌و دەنگێکی دیارو نموونەیە لەم جۆرە رەخنەیەدا، کە پێیوایە: رەخنەی دیالۆگ وەکو خود هوشیارییەکی رەخنەیی رۆلی چارەنووسساز دەبینێت، بەهۆی هەندێک دەنگی ترەوە لەسەر روونیی پرۆگرامی خۆی، ئەمەشی بەهۆی هەموو دەنگەکانی تری بیروباوەرو کولتوور یا دنیای کولتوورەکانەوە، لەمەوە دەسەڵاتی خۆی پێکدەهێنێت...

سەرچاوە:

AGLOSSARY OF LITERARY TERMS
.M.H.ABRAMS